

## ڕاگەیاندنی

## ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ژمارە یەک**

بۆ ڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسیەکان و جیهان

ئێمە هەر یەک لە پارتی سەربەستیی کوردستان و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان کە لە خوارەوە ئەم ڕاگەیاندنە واژۆ دەکەین، بە دوای چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشدا بڕیارماندا، هەر دوو لامان بە مەبەستی درێژەدان بە خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری هاوبەشمان هەبێت. ئەمڕۆ بە واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامە هاوبەشە لە دایکبوونی **(هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)** بە هەمووان ڕادەگەیەنین.

واژۆرکاران:

عارف باوەجانی — هێرش عەلیزادە

پارتی سەربەستیی کوردستان — پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

دووشەممە، ڕێککەوتی ۴ی جۆزەردانی ۲۷۰۹ کوردی، ۲۵ی مانگی پێنجی ۲۰۰۹ زاینی

شۆێن: ستۆکهۆڵم پێتەختی ولاتی سوید

هاوڕێیانی بەشدار لە پارتی سەربەستیی کوردستان:

۱. عارف باوەجانی، سکرتێری گشتیی . ۲ دلّشاد پەروانە، ئەندامی سەرکردایەتی. ۳ فەرهاد جیهانگیریی، بەرپرسی کۆمیتەی سوێد. ۴ کامیار کرماشان، نوێنەری پ س ک لەگەڵ حکومەتی سوێد

هاوڕێیانی بەشدار لە پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەلات):

۱. ڕێبوار ڕەشید، وتەبێژی پارتیی . ۶ هێرش عەلیزادە بەشی پێوەندیەکانی پارتیی ۷. مەسعود فەریقی، بەشی پێوەندیەکانی پارتیی . ۸ دیاکۆ زەندی، بەرپرسی ماڵیی پارتیی

## ئایینامەی هاوکاریی

## پارتی سەربەستیی کوردستان و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

**ناو:** هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێنی جوگرافیی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**مەبەستەکان:**

١. **کورتخایەن:** بیروڕاگۆڕینەوە و چالاکیی هاوبەش و هاوکاریی نێوان پارتی سەربەرستیی کوردستان و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێشخستنی خەباتی ئازادیخوازیی بەرەو سەربەخۆیی گەلی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢. **درێژخایەن:** لێک نزیککردنەوەی سەرجەم هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئین جی ئۆ کوردستانیەکان بە مەبەستی پێشخستن و گەشەپێدانی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کوردستان، بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

"هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" (هسرک) هەروەها کار بۆ ئەوە دەکات کە ڕێکخراوەی کوردستانیی سەربەخۆخواز و هەموو کەسایەتیەکی کوردستانیی کە لە ڕووی پارتایەتیی و ڕێکخراوەییەوە سەربەخۆن ئایینامەی ئەم هاوپەیمانییە پەسەند بکەن و تیایدا بەشدار بن.

**ئامانج:**

١. واژۆکارانی ئەم هاوپەیمانییە خوازیارن لە پێناوی گەورەترکردنەوە و پەرەپێدانی ئەم هاوپەیمانییە بەرەو دروستبوونی بەرەیەکی نیشتیمانیی تێبکۆشن. بەرەیەک کە بتوانێت لە هەموو ڕوویەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگیی، ڕۆشنبیریی و هتاد... نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشتووان بە هەموو بیر و بۆچونێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و وەکوو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان چالاک بێت.

٢. دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیموکراتیک و پلورالیست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٣. بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بیری دیموکراسی لە کوردستان وەک سیستەمێکی حوکم و فەراهەمکردنی بارودۆخی لەبار بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا حکومەتێک هەڵبژێرن کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات.

ئێمە ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە بە دوای چەندین کۆبوونەوە و قسە و باسی چڕ و پڕ، ئەم ئایینامە واژۆ دەکەین، بڕوامان بەم خاڵە پرێنسیپیانەی خوارەوە هەیە:

١. کوردستان وڵاتێکی داگیر کراوە.

٢. سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان مافی لە پسان نەهاتووی گەلی کوردستانە.

٣. جیایی دین لە دەوڵەت، سەقامگیرکردنی سێکولاریزم، بە ڕەسمی ناسینیی هەموو ئایینێک و باوەڕ بە ئازادیی ڕا دەربڕین.

۴. پلوراڵیزمی سیاسیی و دیمۆکراسیی بە پێی پرنسیپی یەک مرۆڤ یەک دەنگ.

٥. مافەکانی مرۆڤ بە پێی هەموو ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامانەی لەسەر ئاستی یەکێتی نەتەوەکان و جیهان بە قازانجی تاکەکەس واژۆ یان ئامادەکراون.

٦. مافی یەکسان و بەرانبەر بۆ ژنان و پیاوان و هەروەها مافی یەکسان بۆ کەمینە ئەتنیکی یان نەتەوەیەکان لە کوردستان.

٧. ئازادیە تاکە کەسیەکان، لەوانە: ڕەخنەگرتن، ڕادەربڕین، بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، خۆڕێکخستن و دروستکردنی سەندیکا و یا ئین جی ئۆکان، چاپەمەنیی، دەنگدان و هتاد.

٨. هەروەها ئەم خاڵانەی خوارەوەش:

- باوەڕ بەم هاوپەیمانییە، بە پرنسیپەکانی و لە کردەوەدا کارکردن بۆ ئامانجەکانی.
- ئەم ئایینامەیە تا ئەو کاتە برەوداره کە نوێ دەکرێتەوە.
- هەموو تاکە کەس و گرووپ و ڕێکخراوەیەک بۆیان هەیە و دەتوانن، ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنی پێوەندیدار بەم هاوپەیمانیە، یان ڕوو بە ڕای گشتیی، ڕەخنە لەم ئایینامەیە بگرن و یا بۆ دەوڵەمەندترکردنی پێشنیاز بنێرن و لێکۆڵینەوەی لێ بکەن و بۆ ئەم مەبەستەشیان داوای زانیاری لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن.
- ئەم ئایینامەیە لە کۆبوونەوەی گشتیی داهاتوودا قابیلی گۆڕان و دووبارە فۆرمولەکردنەوەیە.
- لایەنانی ناو ئەم هاوپەیمانییە لە ناو هاوپەیمانیەکەدا بەرانبەر بەیەک هاوشان و هاوئاست و هاوماف و یەکسان و هاوئەرکن.

أ) لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئەم هاوپەیمانییەدا لە ناوخۆ یان ڕوو بە دەرەوە ئاڵای کوردستان هەڵدەواسرێت و ئەو ئارمە دادەنرێت کە نوێنەرایەتی لایەنانی ڕەسمیی هاوپەیمانییەکە دەکات.

ب) سروودی نەتەوەیی ئەی "ڕەقیب" تا ئەو کاتە برەوداره کە لە سەر ئاستی کوردستان سروودێکی نوێی دیکە هەڵدەبژێردرێت.

پارتی سەربەستیی کوردستان و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

دووشەممە ٢٠٠٩/٥/٢٥ – ٤ی جۆزەردانی ٢٧٠٩ کوردیّ

................................................................................................

ئیمایلی پێوەندی گرتن بە هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: hawpeimani@gmail.com

ماڵپەڕی پارتی سەربەستیی کوردستان www.psk2006.org

ماڵپەڕی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) www.psdkurdistan.org .